## نەورۆز. . ! زاگرۆس زەردەشتی.

لە راستیدا ئەم چەند دێڕە بیرەوەری دەستپێکی چەند چالاکی هونەری و نووسینی جۆراو جۆر و لاسایی کردنەوەیە. لەپاش دەستپێکردنەوەی شۆڕش ساڵی 974 منیش وەک لاوێکی خوێنگەرم لەگەڵ چەند هاوڕێی تردا چووینە دەرەوە، بەڵام ئێمە ئەو دەم، لەگەڵ مامۆستا تەها خەلیل، کەمال هاوار (خۆشنوس و هەنەرمەند) وێنەکێش و خۆشنووس ڕێبوار ئەحمەد خولام، دیار تەها خەلیل، جەمال عەبدولا، کچێک بەناوی خوشکان، عەدنان معەمەد، کاک فریاد شێخ حەسەن، هەنەرمەندی کەمانچەژەن مستەفا کەمال خەفاف، کاک حمە سەعید کە لەنجیرەی تەلەفیزیۆنی رەشەی پۆلیس و چەندانی تردا بەشداری کردووە، هەروەها کاک والی کەریم جاف، دەستمان بەکارکرد. وچەندان کەسانی تر کە بەداخەوە ناوەکانیان نایەتەوە یادم. چەندان شانۆگەریمان پێشکەش بە خەڵکی کورد و بە خەڵکانی تر، وەک رۆژنامەوانانی بیانی کرد. ئەودەم بەشداری ئاهەنگێکی هونەریمان لە حاجی هۆمەران کرد، سەرکردەکانی شۆرش ئامادەی بوون. جارێکیان شانۆگەری بۆردوومانی هەڵەبجە کە مامۆستا تەها خەلیل ئامادەی کردبوو، من و دیار و خوشکان رۆلی سەرەکیمان تێدا دەبینی. ئەو شانۆگەریەمان لە ئۆردوگای پەنابەرانی سەریاس پێشکەشکرد، سەرەک وەزیرانی ئەو دەمەی ئێران (عەباس هوەیدا) ئامادەی بینینی بوو، بێگومان ئەم شانۆگەرییە، لە دەرەوە بە ئامادە بوونی خەڵکانێکی زۆر پێشکەشکرا، بەڵام لەو دەمەی کە من لە پشتی جەماوەرەوە بە هاتوو هاوار بۆسەر کوژراوانی بۆردوومانەکە دەهاتم، پاسەوانەکانی سەرەک وەزیران هەڵمەتیان بۆ هێنام و پەلاماریاندام، وایان دەزانی کە هێرش بۆسەر عەباس هۆیدا دەکەم، بەڵام پاشان لەوە گەیشتن کە من یەکێکم لە ئەکتەرەکان. لە روپەلی یەکەمی رۆژنامەی کەیهانی فارسی وێنەیەکی گەورەی منی لە کاتی رۆلبینینمدا بڵاو کردبۆوە و لەسەر ناوەرۆکی شانۆگەریەکەی نوسیبوو.

ئەو دەمە من و چەند هاوڕێییەک لەوانە هونەرمەند (کەمال هاوار) خۆمان بە نووسین و لاسایی کردنەوەی هۆنراوەی هۆنەرە کوردەکان وەک کاک جەمال شاربازێڕی و مامۆستا گۆران و. . . تد. خەریک کرد بوو، ئەو دەمانە هۆنراوەیەکم دانا. مامۆستا عوسمان موسیکژەنی ئامێری کەمان، ئەندامی تیپی مۆزیکی سلێمانی ئەو کاتە، ویستی ئاوازی بۆ دانێت، بەڵام رێکنەکەوت. من و کاک کەمال لەو ماوەیەدا چەند هۆنراوەیەکمان پێکەوە دانا، هەموویان لاسایی کردنەوە بوون. یەکێک لە هۆنراوانە کە بەناوی (نەورۆز) ەوە بوو، لە گەشتێکماندا لە (بایاوا) ی سەر سنووری دەسکردی ئێرانەوە بۆ (بناوەسوتە) لە پێنجوێن. ئەو دەمە کۆمەڵێک لە هونەرمەندان وەک کاک ئەحمەد سالار، نوری وەشتی، سوبحی کۆیی، هونرەمەندی کۆچکرد و حسێن حاجی عەلی قەراخی، رەوف یەحیا. . و گەلێک لە هونەرمەندانی تر، وەک سمکۆناکام و عومەر چاوشین. لەوێ بارگەیان نابوو. رۆژێکیان من و کەمال و فریاد رێگامان کەوتە بناوەسوتە، بەرێککەوت کاک ئەحمەد سالارمان بینی. چەند رۆژێک بوو فریاد سکی دەچوو، هەرچی هەوڵیدا نە بە خواردن نە بەدەرمان چاری نەدەکرا، تەواو بێوزە ببوو، کە گەیشتینە لای کاک ئەحمەد سالار ئەویش پێشنیازی گەلێک خواردنی کرد وەکو فاسۆلیا و چای تاڵ خواردنەوە و گەلێک بابەتی تر. فریادیش لە وەڵامدا بە کاک سالاری گووت: "بەخوا هەموویانم تاقی کردۆتەوە بەڵام سودی نەبووە و دادم نادات. " کاک ئەحمەد سالاری بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی:" دەکەوا بێت نەختێک تەبەدۆر بخۆ ئەیکات بە کۆنکرێت. "

کاتی خۆی دوای هەرەس، ئەم هۆنراوەیەمان بۆ گۆڤاری (بەیان) نارد، بەلام لە وەلامدا داوای ناونیشانیان کردبووین. ئێمەش لەو دەمەدا بە باشمان نەزانی ناونیشانی خۆمان بنێرین و ئەوانیش بلاویان نەکردەوە. .
نەورۆز. . . !

کریستالی بە ورشەی سەر فەرشی رێگا
بریسکەی زیوینی پەخشی سەر چییا
گابەردی چەسپی سەر لوتکەی بەرز
ئەیدا دیاردەی رەنگی هەزار تەرز
قەدپالی گرد و ناودۆل سپی پۆش
چمکی گیراوە پڕ لە بەفری کۆش
سەراپا دەشت و شاخی گەردن کێل
کفنپۆشە سەرەڕێی هەوارگەی خێل
بەفراوی جۆگا زۆر بەکشومات
جووت لەگەل رێگای رێبوارا ئەهات
فەرشی راخراوی ژێرداری بێگەلا تۆراو
جەرگ کونکون بووی تیشکی خۆرهەتاو
مەلی دلخوازی خۆشخوانی بەسۆز
ئەگریا بەکول بۆ جەژنی نەورۆز
کاکەی رێبوار لاوی کاکۆل لول
تەزووی پیا ئەهات لەدەست گەردەلوول
بەدەم بڕینی پشتێنەی رێگا
ئەهات گەردەلوول دەمپێچی سەرما
دووکەلەی زۆپا قەتارەی ئەبەست
ئاسمانی شینی زوو زوو ئەکرد پەست
دوو پەلە هەوری لەکار بەجێماو
ئاسمانی شینیان ئەبڕی بەتاو
لەترسی تینی تیشکی خۆرهەتاو
ئەوەندە رۆیشتن نەبینران بە چاو
کاکەی رێبوار ماندووی رێگای دوور
بڕیبووی رێگای خوار و سەر و ژوور
ربێبوای ماندوو جا هەناسەی سوار
تەمەنی لاوی رێگای ئەکرد بار
کاکەی رێبوار گەیشتە نزیک دێ
هەنیسکی ئەدا لەدەست دووری رێ
کاکەی رێبوار گەیشتە ئاوایی
لەرێگای دووری کرد مالئاوایی.

22. 0905
ستۆکهۆلم